٤- ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری بڕیار لەســەرە ئەوە دەدات کە توێژینەوەی زانســتی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری لە ڕێگای لیژنەی گفتوگۆ تاوتوێ بکرێت یاخود لە ڕێگای سێ هەڵسەنگێنەر .

**ســێیەم** : خەرجکردنی دەرماڵەی نیشــتەجێبوون بە بڕی (٢٠٠٠٠٠)تەنها دوو ســەد هەزار دینارە بۆ هەر قوتابیەکی پەیمانگا کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە هاتبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا پاڵپشت بەم بەڵگەنامانەی خوارەوە :-

١-پێناسەی باری شارستانی .

٢- کارتی زانیاری .

٣- پسوولەی خۆراک .

**چوارەم:** ئەو پارێزەرەی لە پەیمانگای ناوبراو وەردەگیرێت دەرماڵەیەکی تایبەتی مانگانە وەردەگرێت بە قەدەر ئەو مووچە و دەرماڵەی نیشتەجێبوونی قوتابیانی دەرەوەی هەولێر(پارێزەر , فەرمانبەر)

**پێنجەم** :کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

**شــەشــەم** : ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردســتان جێبەجێ دەکرێت

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٧٧٣ لە ٢٠٢٣/٣/٢٨**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشــت بە بەندی ژمارە (١٧٠) لە یاســای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ســاڵی ١٩٨٤ وە لەســەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتی گشــتی گومرگ بۆ بەرژەوەندی گشــتی و ئاســانکاری کردنی کاروباری بازرگانی و گومرگی تایبەت بەدەرهێنانی تێنووس (دفتر)ی ڕێگەپێدان بۆ (ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان) بڕیارماندا بە:

**یەکەم**

١- وەرگرتنی کرێی پشکنین بە بڕی (١٠$) دە دۆلار بۆ تێنوس (دفتر)

٢- وەرگرتنی (١$) یەک دۆلار وەک بەهای فۆرم.

٣- وەرگرتنی (١$) یەک دۆلار وەک پولی دارایی.

**دووەم:** ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**